# ڕانیە: لەنێو مەیخانەیەکدا کەسێک دەکوژرێ

شەوی ٣٠/٢٩ی مانگی١٠ی ٢٠٠٨ لەنێو مەیخانەیەکی دەربەندی ڕانیەدا دوو کەس بەشەڕ دێن، لە ئاکامدا یەکێک دەکوژرێ و یەکێکی دیکەش بریندار دەبێ.
بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو شەوە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کەسێک بە دەمانچە هێرش دەکاتە سەرکەسێک بە ناوی (و.ح) ، چەن گوللەیەکی لێدەداو دەیکوژرێ، هەروەها کەسێکی دیکەش بە ناوی (س.م) کە لەو شوێنە دابێ بەردەکەوی و بە سەختی بریندار دەبێ.

# موسڵ: پەخشی ڕادیۆی ڕەشید ڕادەگیرێ

سەرچاوەکانی هەواڵ ئاسکرایان کرد کە ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو لە کۆبوونەوەیەکی ئاوارتەدا بڕیاری داخستنی ڕادیۆی ڕەشیدی داوە کە ماوەی دوو مانگ دەبێ لەلایەن دەزگەی ڕاگەیاندنی ڕەشید دامەزراوە.
عەبدولستار دلێمی بەڕێوەبەری ڕادیۆی ڕەشید بە ئاژانسی دەنگەکانی عێراقی ڕاگەیاندووە کە ئەوان پەنا بۆ دادگە دەبەن، چونکە پێیوایە کە ناهەقی بەرانبەریان کراوەو لە خۆڕاوە بڕیاری داخستنی ڕادیۆکە دراوە، ئەمەش لە دەستەڵاتی ئەنجوومەنی پارێزگا نیە، ئەگەر ئەنجوومەنی پارێزگا تێبینی لەسەر بەرنامەکانی ڕادیۆ هەیە، دەبێ لە دادگەدا سکاڵا تۆمار، چونکە تەنیا دادگە دەستەڵاتی ئەوەی هەیە کە ڕادیۆکە دابخات.
ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ دەڵێ، ڕادیۆی ڕەشید لەبەرنامەکانیدا هەوڵی ئاژاوە نانەوەی لەنێوان پێکهاتەکاندا داوە، بەوهۆیەشەوە بڕیاری داخستنیی دراوە.

# کەرکوک: ٣٣٨٣ زێدەڕۆیی تۆمار دەکرێ

دیوانی چاودێری گشتی عێراق لە ڕاپۆرتێکدا ڕێژەی ئەو زیادەڕۆییانەی کە لەسەر خاوەنداریێتی گشتیو خاوەنداریێتی تایبەتی کراوە، ئاشکرا کردووە، بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتە تەنیا لەسنووری شاری کەرکوک ٣٣٨٣ حاڵەتی زێدەڕۆیی تۆمار کراوە.
ڕاپۆرتی چاودێری گشتی ئێراقی ئاشکرای کردووە کە لە هەموو پارێزگاکانی ئێراق و هەرێمی کوردستاندا زێدەڕۆیی لەسەر موڵکی دەوڵەت کراوە، جگە لە سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، بەتێکڕایی لە پارێزگاکانی دیکە نزیکەی بیست و دوو هەزار زێدەڕۆیی لەسەر موڵکی دەوڵەت کە خانووی بچوک، باڵاخانە و زەوی دەگرێتەوە.

# سلێمانی: وتار خوێندنەوە لە مەلایێک قەدەغە دەکرێ



مەلا عوزێر حافز نەزیر ئیمام و خەتیبی مزگەوتی حاجی عوسمانی عەلافی گەڕەکی زەرگەتەی شاری سلێمانی بەهۆی ئەوەی لە وتاری هەینی دا ڕەخنەی توندی لە پەرلەمانی کوردستان گرتووە، ئاگادارکراوەتەوە کە ئیتر وتاری هەینی نەخوێنێتەوە.
مەلا عوزێر سەبارەت بە پڕۆژەیاسایی باری کەسێتی ڕەخنەی لە پەڕلەمانی کوردستان گرتبوو، گوتبووی کە پەرلەمانی کوردستان هێڵی سور بە ژێر قورئانی پیرۆزدا دەهێنێ، هەروەها داوایشی لە نوێژ خوێنان کردبوو لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەو پڕۆژە یاسایەدا بە هیچ شێوەیەک ڕازی نەبن،
مەلا عوزێر ئیمام و خەتیبی مزگەوتی عەلافی شاری سلێمانی گوتبووی: دەستمان بشکێت بۆ خۆمان و پەرلەمانمان ، دڵنیاشم لە دوای وتارەکەوە بانگ دەکرێم و لێپرسینەوەم لەگەڵ دەکرێت.
بەگوێرەی هەواڵەکان ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێکەوتی ٣٠-١٠-٢٠٠٨ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی شاری سلێمانیەوە بانگراوەو داوایی لێکراوە کە ئیتر وتار خوێندنەوە ڕابگرێ.

# کەناڵی ئاسمانی نەورۆز میوانداری هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد دەکات

کەناڵی ئاسمانی نەورۆز بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ڕۆژنامەوانی کوردستان میوانداری هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزبمان، حزبی ڕزگاریی کوردستانی کرد، بۆ ئەم مەبەستە کاتژمێر ١٨.٣٠ی ڕۆژی ٢٧-١٠-٢٠٠٨ بەرنامەکە بە ڕاستەوخۆ پێشکەش کرا، سەرەتا ڕۆژنامەوان کاک بەکر، ئامادەکارو پێشکەشکاری بەرنامەکە، تیشکی خستە سەر ڕەوشی ڕۆژنامەوانی، ئەوسا پرسیارەکانی خۆی دەست پێکرد، لەماوەی یەک کاتژمێردا هەڤاڵ ڕێکار وەڵامی ئەو پرسیارانەی دایەوە کە سەبارت بە ڕەوشی ڕۆژنامەوانی ئاراستەی دەکرا، ئەو پێیوابووتا ئێستا ڕۆژنامەوانی کوردستان پڕۆفیشناڵێتی وەرنەگرتووەو ئەکادیمیانە کاری لەسەر ناکرێ، ئەوەی هەیە زیاتر حەزی کارکردن و خۆڕسکییە، بەوهۆیەشەوە ڕۆژنامەوانی دووچاری گرفت هاتۆتەوە. ئەو هیوای خواست کە ڕۆژنامەوانی وەک پیشەو هونەرو زانست ڕەفتاری لەگەڵ دا بکرێ و بەرەو پێشەوە ببرێ، ئاماژەی بەوە کرد کە ڕۆژنامەوانی لەسەر سێ کۆڵەگەی ڕۆشنبیری گشتی، شارەزایی و لێزانی و ڕەوشت ڕاوەستاوە، ڕۆژنامەوانانی کوردستان دەبێ کۆڵەگەکانی پتەوو بەهێز بکەن و نەیشێوێنن.

# شاندێکی پارتی سەربەخۆیی کوردستان سەردانی حزبی ڕزگاریی کوردستان دەکات



کاتژمێر ١٢ی ڕۆژی ٣١-١٠-٢٠٠٨ شاندێکی سەرکردایەتی پارتی سەربەخۆیی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان کاک عەلی یوسف و کاک ئەحمەد سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی ڕزگاریی کوردستانیان کردو لەلایەن هەڤاڵان ڕێکار ئەحمەد سکرتێری حزب و حەکیم عەلی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی بە گەرمیەوە پێشوازیان لێکرا، لە دیدارێکی برایانەدا باس لە ڕەوشی هەنووکەیی کوردستان کرا، هەردوولا هاوڕابوون وێڕای ئەوەی کە باشووری کوردستان لە قۆناغێکی پێشکەوتوودایە، بەڵام ڕەوشێکی هەستیاری هەیە، ئەمەش وادەخوازێ کە تێکڕای کوردستانیان بۆ پێشخستن و بەرەوپێشەوەبردنی باشووری کوردستان هاوکاری و هاوهەنگی لەگەڵ سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان دا بکەن.
لەتەوەرێکی دیکەدا باس لە پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کرا، هەردوولا هیواخوازبوون کە یەکێتی و هاوکاری لەنێوان هێزە سیاسیەکانی پارچەکانی کوردستانیەکاندا پەرەی پێبدرێ، ئەمەشیان بەمەرجی سەرخستنی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان لێکدایەوە.

# کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانان داوای ئاشکراکردنی نەخشەدارێژەرانی پیلانی کوشتنی سەرنووسەری گۆڤاری لڤین دەکات

دوای ئەوەی کە هەفتەی ڕابردوو هەواڵەکان لە زاری سەرچاوەکانی ئاسایشی کوردستانەوە ئاشکرایان کرد کە چەند کەسێک بە تۆمەتی پیلانی تیرۆکردنی ڕۆژنامەوان ئەحمەد میرە، سەرنووسەری گۆڤاری **لڤین** دەستگیرکراون، ڕۆژنامەوانان و ڕێکخراوەکانی پیشەیی دەنگی نارەزاییان بەرزکردەوە، ڕۆژی ٣٠-١٠-٢٠٠٨ کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان، بەیاننامەیەکی بڵاوکردۆتەوە کە ئەمەش دەقەکەیەتی:
پێش ماوەیەک پلانێک لە دەرەوەی سلێمانی دانرا بۆ تیرۆرکردنی سەرنووسەری گۆڤاری لڤین «ئەحمەد میرە» لە ناوشاری سلێمانیدا، پاش ئەوەی ڕۆژنامەنووسی هەمان گۆڤار «سۆرانی مامە حەمە» بەکردەوەیەکی تیرۆریستی لە کەرکوک تیرۆرکرا. ئەم جۆرە کردەوە و هەوڵانە ئەوە دەسەلمێنن کە باشووری کوردستان بەرەو توندوتیژی دەروات و ژیانی ڕۆژنامەوانانی کوردستان دەکەوێتە مەترسییەوە. لەوەش ترسناک تر ئەوەیە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و هێزە کوردییەکان خۆیان بێدەنگ کردوە لەو کردەوە و هەڕەشانە وەک ئەوەی خۆیان لە پاراستنی ژیانی ڕۆژنامەنووسان بەرپرسیارنیین.
کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان لەوە دەترسێت ئەم پەرەسەندنانە ببنە بەشێک لە شێوەی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان و ببێتە سەرەتایەک بۆ کوشتنی هەر دەنگێکی ئازاد و نەیار بۆ دەسەڵات لە کوردستاندا. چارەسەرنەکردی ئەو کێشانە و سزانەدانی تاوانباران لە باشترین حاڵەتدا واتای ئەوە دەدات کە مافیا و تیرۆر لە باشووری کوردستان هەیە و باڵا دەستە و دەستەڵاتی هەرێم یان چاو لە کردەوانە دەنووقێنێت یانیش هەر خودی دەسەڵات لەو تاوانانەدا بەشدارە.
هەر بۆیەش کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان داوا دەکات بەزووترین کات تاوانباران و نەخشەدارێژەرانی پلانی تیرۆرکردنی سەرنوسەری گۆڤاری لڤین «ئەحمەد میرە» ئاشکرا بکرێن و لە دادگایەکی کراوەدا سزا بدرێن. هەروەها دەبێ دەسەڵاتی هەرێم ژیانی ئەو بەڕێزە لەگەڵ ژیانی هەموو ڕۆژنامەوانانی تری کوردستان بپارێزێت.
کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆنامەوانانی کوردستان داوا لە دەستەڵاتی هەرێم دەکات گوێ نەداتە ناسنامە و پلە و پایەی حزبایەتی تاوانباران و دەبێ لە هەموو کوردستان یاسا سەروەربێت و بە بیری دەخاتەوە کە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی یاساییەوە بەرپرسیارە لە دادگاییکردنی تاوانباران و پاراستنی ژیانی ڕۆژنامەوانان و دابینکردنی هێمنی و ئاسایشی لە جێگای کاریاندا.

# سکرتێری حزب پێشوازی لە سکرتێری پارتی نیشتمانی کوردستان دەکات



کاتژمێر١١ی ڕۆژی ٢٠-١٠-٢٠٠٨ بەڕێز کاک بێکەس حەمەد قادر سکرتێری گشتت پارتی نیشتمانی کوردستان سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبمان، حزبی ڕزگاریی کوردستانی کرد، لەلایەن هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزب و هەڤاڵ حوسێن حەسەن سەرنووسەری هەفتەنامەی ڕۆژی گەل وهەڤاڵان حەکیم عەلی و کارۆخ عوسمان ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندیەوە بەگەرمیەوە پێشوازی لێکرا، ئەوسا لە دیدارێکی برایانەدا باس لە ڕەوشی هەنووکەیی کوردستان کرا. هەروەها پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکان، بەتایبەتی پێوەندی نێوان حزبی ڕزگاریی کوردستان و پارتی نیشتمانی کوردستان جەختی لەسەر کرایەوە، هەردوولا هیوایان خواست کە پڕۆسەی یەکبوونی نێوان لایەنە هاوئامانجەکان کە ئێستا حزبی زەحمەتکێشان و سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان هەنگاوی بۆ هەڵدەگرنەوە سەرکەوتوبێ، ئەمەشیان بە قازانجی بزاڤی ڕزگاریخوازی و دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان لێکدایەوە.

# هەواڵی سەیر

**کرێکارێکی** خەڵکی بۆکان بەناوی (هۆ.ب) تەمەن ٥٠ ساڵ لە دەڤەری ڕاپەڕین کرێکاری دەکات، لەگەڵ سێ کرێکاری عەرەب کە لە باشووری عێراقەوە هاتوون و لە کارگەیەکی بلۆک دروست کردن کار دەکەن، بەشەڕ دێ، دواتر پۆلیسی چوارقوڕنە دەستگیریان دەکات.
کرێکارە کوردەکە جەخت دەکاتەوە کە کرێکارە عەرەبەکان سوکایەتیان بەو کردوەو جنێویان بە کورد داوە، بەبەرچاوی پۆلیسەکانیشەوە پێیان گوتووە کە تۆ بیانی و دەبێ بڕۆیتەوە وڵاتی خۆت!!
جێگەی ئاماژەیە کە ماوەی ٥ ساڵ دەبێ ئەو کوردە دوای ئازادبوونی لە زیندان، شاری بۆکانی جێهێشتووەو هاتۆتە دەڤەری ڕاپەڕین و لە شاری ڕانیە لە خانوێکی کرێدا دەژی، خۆی و منداڵەکانی ئەندامی حزبێکی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، بۆ بژێوی ڕۆژانەی خێزانەکەی، خۆی و کوڕێکی کرێکاری دەکەن، بەڵام عەرەبەکان ئەو بە بیانی دادەنێن و خوازیاری ئەوەن کە ڕەوانەی وڵاتەکەی بکرێتەوە!

**وڵاتیانی** دەڤەری چۆمان گلەیی لە نەبوونی تۆمارگەی خانوو بەرە دەکەن، بەوهۆیەشەوە قایمقام بە کەمتەرخەم دادەنێن، بەڵام قایمقام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بە نووسراوی ڕەسمی داوای لە وەزیری پەیوەندار کردووە، کەچی وەزیری پەیوەندار پێیوایە کە داوای قایمقام پێشتر بووەو بۆ وەزیری پێشوو بەرزکراوەتەوە کە لە حزبێکی دیکە، ئێستا دەبێ بە نووسراوی فەرمی بۆ ئەو بەرز بکرێتەوە، ئەوسا کاری لەسەر دەکات و وەڵامی دەداتەوە!

**ڕۆژی** ٢٣-١٠-٢٠٠٨ فێرخوازانی فێرگەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی چەند گوندێکی دەڤەری خۆشناوەتی بەمەبەستی گەیاندنی داواکەیان لەبەردەم ناحیەی بالیسان کۆبوونەوە، خۆپێشاندەران دەیانویست داخوازیەکانی خۆیان بۆ بەڕێوەبەری ناحیە بەرز بکەنەوە، بەڵام فێرخوازان و پۆلیس بەرووی یەکتر هەڵشاخان، بەوهۆیەوە شووشەی پەنجەرەکانی ژوورەکانی ناۆیە شاکن، پۆلیس دەیویست ڕێگە لە فێرخوازان بگرێ، لە ئاکامدا ٣ فێرخواز بریندار بوون و ٤ی دیکەش دەستگیر کران!

**دوای** ئەوەی بودجەی سێنتەرو گروپەکانی هونەری پارێزگای دهۆک بڕدرا، هونەرمەندان نارەزایی خۆیان پێشانداو ئەمەیان بە نادادی لەقەڵەم دا، هونەرمەندان گلەیی ئەوە دەکەن کە تەنیا بودجەی سێنتەرەو ناوەندەکانی ڕۆشنبیری پارێزگای دهۆک بڕدراون، بەڵام وەزیری ڕۆشنبیری ئەمە بە ناڕاست دەزانێ و پێیوایە کە ئەو سێنتەرو ناوەندانە بۆ ماوەیەکی زۆر چالاکیان نەبووە، ڕۆژنامەکانیش ئەوەیان ئاشکرا کردووە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com